Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090413

# بنەماكانی دروستكردنی ئاوازی ناوەوە لەشیعرەكانی (كەریم شارەزا) دا.

زانیارساڵح عەلی

بەشی كوردی// كۆلێجی پەروەردە // زانكۆی گەرمیان

سەرحەد حسین مستەفا

بەڕیوەبەرایەتی پەروەردەی كەلار// پەروەردەی گەرمیان

*Article Info*

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

*Keywords*

ئاوازی ناوەوە، دووبارەكردنەوە، هونەرەكانی ڕەوانبێژی، كەرتكردن، دژیەك.

*Corresponding Author*

Sarhadh04@gmail.com
zanyar.salih@garmian.edu.krd

**پوختە**

ئاوازی ناوەوە بەشێكی گرنگی ئاوازی شیعرە، كە شاعیر وابەستەی هیچ یاساودەستوورێكی پێش وەختە ناكات لەهۆنینەوەی شیعرەكەیدا، بەواتایەكی تر شاعیر بۆ مەبەستی زیاتر ئاهەنگداركردنی دەقە شیعرییەكەی ئازادە لەبەكارهێنانی شێوازەكانیدا، لەهەر دەقێكدا، كە ویستی لێبێت بێتە بوون دەتوانێت داهێنان و دەست ڕەنگینی خۆی بنوێنێت، چونكە یاسایەكی دیاری وەك ئاوازی دەرەوە نییە تا ڕێگری لەتوانای دەربڕین و داهێنانەكانی شاعیر بكات، بەشێوەیەكی گشتی لەڕێگەی دووبارەكردنەوەوە ئاوازی ناوەوەی دەق دروستدەبێت، سەرەڕای ئەوەش لەڕێگەی هەندێ لەهونەرەكانی جوانكاریی ڕەوانبێژییەوە دروستدەبێت، كەزیاتر ئەو هونەرانەن كەپێیان دەوترێت جوانكاری وشەیی و بەجۆرێك لەجۆرەكان پێویستە لەدوو (دەنگ، وشە، گرێ، ..هتد) یان زیاتر لە بنیاتی دێڕێك یان كۆپلە و پارچە شیعرێكدا هەبن.

**پێشەکی:**

ئاوازی بەشێوە کلاسیکییەکەی پێکهاتووە لەدووجۆر، جۆری یەکەم ئاوازی دەرەوەیە، کەتیایدا کێش و سەروا رۆڵ دەبینن و تارادەیەك لەسەر بنەمای یاساودەستوور بەڕێوە دەچێت، کێش وەك بنەمایەکی دیاری ئاوازی شیعر؛ لەشیعری تەواوی میللەتانداو بەپێی تایبەتمەندی دەنگیی زمانەکەیان هەمە چەشنە، دیارترین ئەو چەشنانەش کێشی عەرووزە، کە لەسەر بنەمای کورت و درێژی برگە بنیاتنراوە، کێشی برگەیی کەتیایدا بەژمارەی برگەکانی هەر نیوەدێڕێك کێشەکە دیاری دەکرێت، کێشی سترێسی کەتیایدا پشتی بەژمارەی برگە سترێسدارو بێسترێسەکان بەستووە، هەروەها کێشی پەیژەیی کەلەسەر بنەمای بەرزونزمی پلەی دەنگ دروستدەبێت، هەرچی بابەتی سەرواشە پشت ئەستوور بەقاڵبی شیعر و جۆرەکانی شێوەی سەرواکەی رێکدەخرێت، کەهەر قاڵبێکیش بۆخۆی یەك یان زیاتر شێوەی سەروای هەیە، بۆنموونە تەنها چوارینە لەشیعری کوردیدا نزیکەی دە شێوەی جیاواز لەبەکارهێنانی سەروای هەیە.

هەرچی ئاوازی ناوەوەشە پابەندی هیچ یاساودەستوورێکی دیارنییە(هەرشاعیرە و بەشێوازێك تەکنیکی ئەم ئاوازە بەکاردەهێنێت) و هەرشاعیرەو بۆ زیاتر ئاهەنگدارکردنی شیعرەکانی چەندین شێوەی جیاجیای پەیرەو کردووە، تازیاتر هەستی گوێگری پێڕاکێشێ بۆ دەقەکەی، لەم نێوەندەشدا هەندێك شێوە لەوانەی کەئاوازی ناوەوەی پێ ئاهەنگدار دەکرێت لای هەندێ لەشاعیران دەبینرێت و وەك بابەتی دروستکردنی ئاوازی ناوەوە تەماشادەکرێت، لەوانە هەندێ لەهونەرەکانی رەوانبێژی و بەتایبەت بەشی جوانکارین، کەسەرەڕای ئەرکە رەوانبێژییەکانی خۆیان لەبنیاتی ئاوازی ناوەوەشدا رۆڵدەگێڕن، هەروەها بابەتی دووبارەکردنەوە کە لەدووبارەکردنەوەی دەنگەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە دووبارەکردنەوەی کۆپلەی شیعری. ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا ئاوازی ناوەوە و رۆڵگێڕانەکەیمان لەشیعرەکانی (کەریم شارەزادا) باس وشیکارکردووە.

هۆی هەڵژاردنی باسەکە:

ئاتێستاو لەهیچ توێژینەوەیەکی سەربەخۆدا چاومان بەباس و توێژینەوەیەك نەکەوتووە لەسەر دەقەکانی شاعیر چ لایەنی ڕوخسار یان ناوەڕۆکی کەبەشێوەی ئەکادیمی خرابێتە بەرباس، هەروەها چاومان بەهیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی سەربەخۆش کەتایبەت کرابێت بۆ ئاوازی ناوەوە نەکەوتووە، ئەوەش وای لە ئێمە کرد ئەم ناونیشانە بۆ توێژینەوەکەمان بەباش بزانین و کاری لەسەر بکەین.

گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە دەبێتە بنەماو سەرچاوە و تیۆرییەکی باش بۆ ڕاڤەکردن و شیکارکردنی دەقی ئەو شاعیرانەی دیکە، کە تائێستە لەڕووی ئاوازەوە؛ بەتایبەت ئاوازی ناوەوە ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە، چونکە تاکە توێژینەوەی سەربەخۆیە دەربارەی ئاوازی ناوەوەی شیعر بەشێوەیەکی سەربەخۆ کرابێت.

گیروگرفت و کێشەی توێژینەوەکە:

بەبڕوای ئێمە هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی نییە کێشەو گیروگرفتی بۆ دروووست نەبووبێت، ئێمەش لەم توێژینەوەدا بێگیروگرفت و کێشە نین و ڕەنگە هەرئەوەش وایکردبێت ئەم کارە ئەنجامبدەین، نەبوونی سەرچاوەی ئەکادیمی لەبوارەکەدا و توێژینەوەیەك لەسەر ئاوازی ناوە و دیاریکردنی بنەماکانییەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی، ئێمەی هاندا بۆئەوەی بەم توێژینەوەیە بەشێك لەگیروگرفتەکانی ئەم بوارە کەمبکەینەوە و چارەسەر بکەین.

ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی شیکاری) مان بەکارهێناوە، باسی ئاوازی ناوەوە کراوە وەك ئەوەی لەئێستادا باوە، دواتر لەشیعرەکانی شاعیر نموونەی پێویستمان بۆهێناوەتەوە و شیکارمان کردوون.

بەشەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە خۆی لەدوو بەشی پراکتیکیدا دەبینێتەوە، کە بەسەر چوار باسدا دابەشکراوە، دوو باسی کورت کە لەتوێژینەوەکەدا وەك بنەمایەکی تیۆری دانراوە، لەگەڵ دووباسی درێژتر کەئەرکە پراکتییەکییەکەی توێژینەوەکەی تیادا باسکراوە، بەشی یەکەمی دوو باسە، لەباسی یەکەمدا وەك پێشەکییەك بەشێوەیەکی کورت دەربارەی ئاوازی ناوەوە و گرنگییەکەی لە شیعردا دواوین، باسی دووەمی تەرخانکراوە بۆ هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەنموونەی شیعرییەوە بەتایبەت پێنج لەهونەرەکانی جوانکاری و رۆڵیان لەدروستکردنی ئاوازی ناوەوەدا، کە ئەمانەن: (دوابەسەر، ڕەگەزدۆزی، دژیەك، کەرتکردن، پاتکردنەوە).

بەشی دووەمی توێژینەوەکە دووباسی بۆ دانراوە، باسی یەکەم رۆڵ و گرنگی دووبارەکردنەوە خراوەتەبەرباس و هەرچی باسی دووەمیشە هەموو ئەو جۆر و چەشنانەی دووبارەکردنەوە لەدروستکردنی ئاوازی ناوەوەدا گرنگن بەنموونەی شیعرییەوە باسکراون، وەك دوبارەکرنەوەی (تاکەدەنگ، هێشووەدەنگ، وشە، گرێ، ڕستە، نیوەدێڕودێڕ، کۆپلە).

لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەشتووە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی خراوەتەڕوو.

**بەشی یەکەم:** هونەرەکانی ڕەوانبێژی و پەیوەندییان بەئاوازی ناوەوە.

باسی یەکەم: ئاوازی ناوەوە

هەروەك چۆن شیعر دابەشکردنە باوەکەی ڕوخسار و ناوەڕۆکە، ئاوازی شیعریش بەهەمان شێوە دابەشکراوەتە سەر ئاوازی دەرەوە و ئاوازی ناوەوە، ئاوازی دەرەوە کێش و سەروان، هەربەکەشیان لەسەر بنەما و یاسای تایبەت دارێژراون، هەرچی ئاوازی ناوەوەشە مەبەست لێی ئەو ڕووبەرە دەنگدار و بێدەنگانەیە کە دەقێك دروستدەکەن و (ملکەچی یاساو ڕێسای جێگیر، یان سەربەخۆ نابن)(شاهو سعید، 1999، ص18)، واتە سیستەمێکی دیاریکراویان نییە.

لەجیهانی شیعردا چەندە جوانی بیر و چنین رۆڵیان لەگەشانەوە و جێگیری و نەمری دەقدا هەیە، هەر بەو ئاستەش ڕەنگە زیاتریش شێوازی گونجاوی

پیتەکان و یاری پێکردنیان لەناو کۆی دەقەکەدا ڕۆڵی هەبێت لەسەر چێژ و کاریگەری لەسەر بەرانبەر(خوێنەری دەق)، چونکە هارمۆنییەتی جوڵانی زمان یاریدەی چێژی بەرز و بەپێز لای خوێنەر بەجێدەهێڵێت، وشەش وەك هەر کەرەستەیەکی تری ناو سروشت بەهۆی ڕەنگدانەوەی لەهزر و کەلتوری گەلاندا نەرمی و ئاوازی خۆی هەیە، شاعیری بەتوانا ئەوەیە، کە بتوانێت وشەی ئاوازداری گونجاو و تەبا لەگەڵ دەقەکەیدا بەجۆرێك بەکاربهێنێت ئاستی هونەری و ئاوازی ناوەوە بڵند و بەهێز بکاتەوە.

(د.شوقی ضیف) پێی وایە ((ئاوازی ناوەوە وەك ئاوازی دەرەوە نییە کەیاسایەکی دیار ڕێکی بخات بەڵکو بەلایەوە شاعیر لەهەڵبژاردنی هەندێ وشەی نزیك لەیەك (لەڕووی دەنگەوە لەیەك نزیك بن) و هێنانیان لەدێڕە شیعردا جۆرێکی دیکە لە ئاواز دروست دەکات))(د.دڵشاد عەلی، 1998، ل89)، دیارە ئەمەش مەبەستی ئاوازی ناوەوەیە، بۆیە(د.حەمەنووری عومەر کاکی) دەڵێت: ((ئاوازی ناوەوە تاڕادەیەك ئاوازێکی شاراوە و نادیارە ، لە ئەنجامی کاری هەڵبژاردن و گەڕان بەدوای وشەی ئاوازەدار و دەنگی جوڵەیی و مۆزیکی ئەو وشانەدایە ، کە ئەم کارەیان بۆخۆی لەلایەك شێوازی تاکەکەسیی شاعیر دیاری دەکات و لەلایەکی تریشەوە دووبارەبوونەوەی ئەو شێوازە لەلای کۆمەڵێ شاعیری یەك سەردەم و سەر بەیەك ڕێباز و ڕێچکەی ئەدەبی ، شێوازی ئەو ڕێبازە شیعرییەی ئەو سەردەمەش دیاریدەکات)) (د.حەمەنووری عومەر کاکی، 2012، ل126).

وەك لەپێشتردا ئاماژەمان بۆکرد ئاوازی دەرەوە لەڕێگەی کێش سەرواوە دروستدەکرێت و یاسا و ڕێسای جێگیر بەپێی قۆناغە جیاجیاکانی شیعر ڕێکی خستووە، بەڵام ئاوازی ناوەوە ملکەچی یاساودەستوور نابێت و هەرشاعیرە و بۆخۆی بەپێی گونجان لەگەڵ مەبەستە شیعرییەکەی خۆیدا هەوڵی ئەوەی داوە بەمەبەستی ئاهەنگدارکردنی زیاتر و جوانکاری دەقەکەی هەندێك لەوشە هەڵبژێرێت، کە دەقەکەی ڕازاوەتر بکات لەڕووی ئاوازەوە، لەهەمانکاتیشدا ئەو ئاوازەی خستبێتە خزمەت واتاوە، ئەگینا ئەگەر دەقێك ئاواز و ئاهەنگی خۆشی هەبێت، بەڵام دابڕاو لەواتا، یان واتای لاواز، ئەوا ئەوکات وەك دەقی باش مامەڵەی لەگەڵ ناکرێ.

لەم توێژینەوەیەماندا باسی شێوەکانی دروستکردنی ئاوازی ناوەوە، کە لەڕێگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و دووبارەکردنەوە دروستدەبن بەهەموو جۆرەکانییەوە دەکەین، نموونەکانیش لەدیوانی شیعریی (کەریم شارەزا) وەرگیراون.

باسی دووەم: هونەرەکانی ڕەوانبێژی لەشیعرەکانی (کەریم شارەزا) دا:

وەك ئاشکرایە ڕەوانبێژی بەهەرسێ بەشەکەیەوە (ڕوونبێژی، واتاناسی، جوانکاری) بەدرێژایی مێژووی ئەدەبیات ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان لەچنین و چێژی شیعردا بەئەرکی جیاجیاوە بینیوە، کە هەریەکەیان لایەنێکی شیعری پێ بەهێزکراوە، لێرەدا دەمانەوێ هەندێ لەو بنەمایانەی وەك وێنە و واتا و جوانی و ئاوازی شیعری ببەستین بەهەریەك لەو بەشانەوە، بەجۆرێك کە ڕوونبێژی ئەرکی دروستکردنی وێنە و واتاناسی ئەرکی بەهێزکردنی واتا، جوانکاریش ئەرکی ڕازاندنەوە و پێدانی جوانی و ئاوازی پێدراوە.

لێرەوە دەمانەوێ باس لەو هونەرانەی ڕەوانبێژی بکەین، کەپەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەئاوازی شیعر و بەتایبەت ئاوازی ناوەوە هەیە، ئەویش هەندێك لە هونەرەکانی جوانکارین، د.دڵشاد عەلی لەبارەی ئاوازی ناوەوە و دروستکردنی لەڕێگەی جوانکارییەوە دەڵێت: ((ئاوازی ناوەی هەڵبەست زاراوەیەکی نوێیە لەبەرهەمە ڕەخنەییە کۆنەکاندا بەدی ناکرێت لەگەڵ ئەوەشدا لەڕەخنەی عەرەبیدا بەگشتی و لەلێکۆڵینەوە ڕەوانبێژییەکانیاندا ئەو باس و لێدوانانەی دەربارەی (جناس) و (الترسیع) و (رد العجز علی الصدر) کراون ڕاستەوخۆ لەدەوری ئاوازی ناوەوەدا سوڕاونەتەوە))(د.دڵشاد عەلی، 1998، ل87-88). کەوابوو وەك لەپێشەوە گوتمان هونەرەکانی جوانکاری بەتەنها ڕۆڵیان نەخشاندن و ڕازاندنەوە نییە، بەڵکو وەك ڕێگەیەك بۆ دەستخستنی ئاواز لەلایەن شاعیرانەوە سوودی لێبینراوە، (د.حەمەنووری عومەر کاکی)ش کاتێك باس لەشێوازی شیعری نوێی کوردی لەساڵانی نێوان (1920 – 1970) دەکات پێی وایە کەشاعیرانی ئەو قۆناغە ((بۆ تەواوکردنی ئاوازی ناوەوە ڕوویان لە گەلێ هونەری ڕەوانبێژی کردووە ، ئەمە جگە لە تواناو سەلیقەی زمانی خۆیان لە ئاستە وردەکانی زماندا، وەك لە ئاستی فۆنەتیکدا توانای خۆیان بەکارهێناوە )) (د.حەمەنووری عومەر کاکی، 2012، ل126)، بەڵام ئەوەندەی کە هەیە ئەو هونەرانەی جیانەکردووەتەوە کەڕۆڵی بنەڕەتییان لەدروستکردنی ئاوازی ناوەوەدا هەیە، هەرچەندە ئەو هونەرە ڕەوانبێژییانە لە((شیعری کلاسیکیشدا بوونی هەیە و ڕۆڵی جوانکاری لە شیعرداپێدراوە، بەڵام لە شیعری نوێدا سەرەڕای جوانکاریش ڕۆڵی لە ئاهەنگدار کردنی شیعریشدا هەیە)) (زانیار ساڵح عەلی، 2015، ل114).

هەرچەندە پێمانوایە ئەو هونەرانەی ڕەوانبێژی، کە لەدروستکردنی ئاوازی ناوەوەدا ڕۆڵیان هەیە زێدەترن، لەم توێژینەوەیەدا باس لەسەر پێنج هونەری دیاری جوانکاری دەکەین کەپەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەئاوازی ناوەوەی شیعرەوە هەیە، ئەوانیش (دوابەسەر، ڕەگەزدۆزی، دژیەك، کەرتکردن، پاتکردنەوە)ن، کە بۆهەریەکەیان لەشیعری شاعیر نموونەمان وەرگرتووە.

1. دوابەسەر (ردالصدر علی العجز).

ئەم هونەرە جگە لەوناوەی سەرەوە لەنێو سەرچاوە ڕەوانبێژییەکاندا (هێنانەوە) شی پێدەڵێن بریتییە لەبوونی دوو وشە کە یەکێکیان لەنیوەدێڕ یەکەم و ئەویتریان لەنیوە دێڕی دواتر هاتبێ ((ئەو وشەیە کە لەئاخری هۆنراوەکەوەیە، هەر چەشنی وشە لەسەرەتای هۆنراوەکەوە بوترێ))(عەلادین سوجادی، 1978، ل137)، واتە دەبێ ئەو وشەیەی هونەرەکەی دروستکردووە لەهەردوو نیوە دێڕەکەدا هەمان واتایان هەبێت، لەنێو شیعری شاعیرانی کورددا گەلێك شێوازی جیاجیای لێدرووستکراوە، بەجۆرێك کە ئەو وشەیەی دوابەسەرەکەی لێپێکهاتووە بەپێی بەکارهێنانی لەنێو نیوە دێڕەکاندا شوێنی دەگۆڕێت هەندێکجار، لەسەرەتای نیوە دێڕەکەوە دێت، جاری واش هەیە دەکەوێتە ناوەڕاست یان کۆتایی نیوە دێڕەکانەوە، شیعرەکانی (کەریم شارەزا) دوو شێوازی دیاری

لەخۆ گرتووە ئەاوانیش شیعری ستوونی قاڵبدار و ئەوشێوازەی کەپێی دەوترێت شیعری ئازاد، لەهەردوو شێوازەکەدا نموونەی ئەم هونەرە بەرچاو دەکەون، کەئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن لەشیعری شاعیر، لەشیعری (کارەساتی دایکێك)دا ، کەشیعرێکی ئازادە، دەڵێت:

دەیگوت: کچە مێینەیە

مێینەش نەزەر حەرامە

بۆ ئایینمان

ئەمە دەستوور و نیزامە (دیوانی کەریم شارەزا، 2016، ل306)

لێرەدا شاعیر وشەی (مێینە)ی لەکۆتایی نیوە دێری یەکەمدا بەکارهێناوە، هەر دوابەدوای ئەوە لە نیوە دێری دووەمدا بەهەمان وشە دەست پێدەکاتەوە و هونەری دوابەسەری لێدرووستکردووە، یان لەشیعری (دێ و نایە) دەڵێت:

باڵای نەمامی تازەیە

جوانترین بەژن و باڵایە ل380

لەم دێڕەشدا شاعیر لە وشەی (باڵا) هونەری دوابەسەری درووستکردووە، کە یەکێکیان لەسەرەتای نیوەدێڕی یەکەم و ئەوی دیکەش لەکۆتایی نیوەدێڕی دووەمدایە، ئەم جۆرە لەبەکارهێنان زیاتر لەنێو شیعری کلاسیکیدا باوە، هەروەها لەشیعری (باخچەی ساوایانی شنۆ)دا دەڵێت:

باخچەی ساوایانی شنۆ

پاك و رووناکە وەك ئاسۆ

ئاسۆی خوێندەواری و زانین

رێگەو رێبازی ڕاستی ژین

ژینی خۆشی و بەختیاری

دوور لە ناخۆشی و خەمباری.. ل382

وەك دەبینین شاعیر بۆ جوانکردن و ئاواز پێدان و دەنگدانەوەی وشەکانی دەقەکە، وشەی کۆتایی نیوەدێڕەکانی کردووە بەدەسپێکی نیوەدێڕی دواتر، بەمەش دوابەسەری لێپێکهاتووە و ئاوازێکی دڵرفێنیش بەدەقەکە ئەبەخشێت.

2. ڕەگەزدۆزی:

بریتییە لە بوونی دوو وشە هاوشێوە لە پیت یان کەمێك جیاواز و واتایان یەکنەبێت، کە ئەو جیاوازییەش بۆ خۆی هونەرەکە دەکاتە دووبەشی لێکجودا، بۆیە وتمان هاوشێوە لەپیت، چونکە بەلای هەندێك لەلێکۆڵەرانی ئەدەبەوە ڕەگەزدۆزی بریتییە لەدوو وشە کە لەدەنگدا لەیەك بچن و واتایان جیاوازبێت (بڕوانە : د.ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق، 2012، ل74، هەروەها: محمد عزام ، 1991، ص 30 )، بەڵام ئێمە بەلامانەوە ئەو پێناسەیە نادرووستە، لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان لەبەرئەوەی هەردوو جۆرەکەی ڕەگەزدۆزی (تەواو، ناتەواو) لەسایەی ئەو پێناسەدا جێ نابنەوە، چونکە ئەو دوو وشەیەی ڕەگەزدۆزی ناتەواو درووستدەکات لە دەنگا بەهۆی (ژمارەی پیت، جۆری پیت، شێوەی پیت، ڕیزی پیت) لە وشەکەی دیکە جیاوازە، دووەمیان لەبەرئەوەی ئەگەر ڕەگەزدۆزی تەواویش بن بەهۆی سترێسی سەر بڕگە یان دەنگەکانەوە وەك یەك ناخوێنرێنەوە و بەڵکو جیاوازن، ئەم باسەش ڕەنگە مشتومڕێکی زۆری بەدواوە بێت هەوڵی ئەوە دەدەین لەداهاتوودا بەتوێژینەوەیەك یان وتارێك ئەم بابەتە ڕوونتربکەینەوە.

تەنها ئەوەندەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە ((ڕەگەزدۆزی بەهەموو جۆرەکانیەوە، ڕۆڵێکی گرنگ لەپێکهاتەی ڕیتمی مۆزیکاڵی شیعردا دەگێڕێ))(شەعبان چالی، 2008، ل116). لێرەشەوە لەبەرئەوەی باسەکە درێژنەبێتەوە تەنها نموونە لە هەردوو جۆرە بنەڕەتییەکەی ڕەگەزدۆزی وەردەگرین و ناچینە سەر وردەکارییەکانی تایبەت بە هونەرەکە.

ڕەگەزدۆزی تەواو: بریتییە لە دوو وشە یان زیاتر کە لەفۆرمدا بەتەواوەتی وەکو یەکبن، واتە وشەکانی لەڕووی ژمارە، جۆر، شێوە و ڕیزی پیت، هیچ جیاوازییەکیان نەبێت و واتای هەریەکەیان جیاوازبێت (بڕوانە: السید احمد الهاشمی، 2005، ص356)، شاعیر لە شیعرێکدا کە بۆ کۆچی دوایی (ئەگرین) ناوێکی نوسیوە دەڵێت:

گەر بەگریان بێ هاتنەوەی (ئەگرین)

هەتاکو مابێ ئێمە بۆی ئەگرین ل245

یان دەڵێت:

خەرمانی خەمی شارەکەی کۆیە

ئەمڕۆ بەجارێ لەدڵما کۆیە ل110

لێرەدا شاعیر لەوشەی (ئەگرین) ڕەگەزدۆزی تەواوی درووستکردووە و لەیەکەمیاندا ناوە بۆ کەس، لەدووەمیشدا کردارە، هەرچی دێڕی دووەمە ڕەگەزدۆزی تەواو لەوشەی (کۆیە)دا درووستبووە، کە لەنیوەدێڕی یەکەمدا بەواتای شاری (کۆیە) دێت و لەنیوە دێڕی دووەمدا بەواتای (کۆبوونەوە) دێت، سەرەڕای ئەوەش لەهەردوو دێڕەکەدا ئەو وشانەی کە هونەرەکەیان درووستکردووە وەك وشەی سەروا بەکارهاتووون بەمەش ئاوازێکی دڵرفێنی بە دێڕەکە بەخشیوە، ئەگەر تەماشایەکی شیعری کلاسیکی کوردی بەگشتی بکەین، لەم جۆرە بەکارهێنانەی ڕەگەزدۆزی تەواو بەزۆری لەشیعری شاعیراندا بەدی دەکرێت و ئاوازی ناوەوەی شیعرەکانیان پێڕێکخستووە.

ڕەگەزدۆزی ناتەواو: ئەوەیە کە ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزییەکە درووستدەکەن لەڕووی (ژمارە، جۆر، شێوە، ڕیز)ی پیتەوە جیاوازییان هەبێت، ئەمانەش چەند نموونەیەکی ئەم هونەرەن.

ئەی چاو بگریە، فرمێسکی ئاڵت، بەخوڕ بڕێژە

لاشەی خوێنینی ئەم قارەمانە خێرا بنێژە ل254

شاعیر بەهێنانی هەردوو وشەی (بڕێژە، بنێژە) ئاوازێکی خۆش و هەست بزوێنی بەشیعرەکە بەخشیوە، کە بەجیاوازی پیتی دووەمی وشەکان، کە (ڕ) و (ن) بوون درووستکراوە.

خوێنی سووری شەهیدانە

ڕێگەی دووری تێکۆشانە ل149

لەم شیعرەشدا شاعیر ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە وشەکانی (سوور، دوور) بەجیاوازی پیت درووستکراوە، وەك دەبینین مەرج نییە ئەو وشانەی

ڕەگەزدۆزی درووستدەکەن هەمیشە کەوتبنە کۆتایی دێڕەکانەوە، بەڵکو هەندێجاریش شاعیران بۆ جوانترکردن و خۆشکردنی ئاوازی شیعر لە ناوەڕاست یان سەرەتاشەوە دایانهێناوە، لەپاڵ کێش و سەروادا جۆرێکی دیکە لەئاوازیان پێبنیاتناوە کە ئەویش ئاوازی ناوەوەیە، جاری واش هەیە وشەکان لەهەمان نیوەدێڕدا و بەتەنیشتی یەکەوە دێن وەك:

باوەڕی تیژی تیر و خەنجەر بوو

بۆ چاوی دوژمن نێزە و نەشتەر بوو ل141

3. دژبەك:

دژبەك لەشیعردا بریتییە لەهاتنی دوو وشە یان زیاتر کە بەپێی ڕیکەوتنی ئاخێوەرانی ئەو زمانە دژو پێچەوانەی یەکترین ((جا ئەم وشانە لەفەرهەنگدا سەربەخۆییان هەبێ، یانیش دووەمیان نەرێی یەکەم بێ، گرنگیش نییە دوو وشەکان دوو ناو، یان دوو فرمان، یان دوو ڕاناو، یان دوو چاوگ، یان دوو ئاوەڵناو، یان دوو هەرچییەك بن، لەیەك جۆردا بن، یان لەدوو جۆری لێکجیادابن))(د.ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، 2011، ل294)، مەبەست لەسەربەخۆیی وشە لەفەرهەنگدا وەك (شەو، ڕۆژ، تاریکی، ڕووناکی، ڕەش، سپی...هتد)، هەروەها نەرێش وەك (دەچم، ناچم، بکرە، مەکرە، چوو، نەچوو ...هتد)، بەهەردوو جۆرەکەیەوە ((هاتنی ئەو وشە دژبەکانە لەشیعردا هەستێك بە خوێنەر یان بیسەری شیعرەکە دەبەخشێت و ئاوازێکی مەعنەوی لێ بەدەست دەهێنرێت))( زانیار ساڵح عەلی، 2015 ل116)، مەبەستیش لەئاوازی مەعنەوی ئاوازی ناوەوەیە کەدەنگدانەوەی ئەو وشە دژواتایانە، هەژان و هەیەجانێك لای خوێنەر یان بیسەری دەقەکە درووست دەکات، (د.کامل حەسەن بەصیر) لەو بڕوایەدایە دژبەك پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئاوازی ناوەودا هەیە و دەڵێت دژبەك : (بەلای ئێمەوە نابێ پەیوەندیی لەگەڵ ئاوازی ناوخۆیی هۆنراوەوە بپچڕێنرێ وابزانین کە هیچ شوێنەوارێکی دەنگی و ئاهەنگی نییە...چەشنە بەرانبەر یەکترێکی واتایی دەنگدەرەوە لە مێشك و هەست و نەستی گوێ گر و خوێنەردا بەرپادەکەن و ئەو بەراوردکارییەی کە لە سۆز و هەڵچونی هەستیار دا بە هۆی زۆرانبازی هەڵوێستی نەگونجاو و مانای دژبەکەوە سەر هەڵدەداو دەچەسپێ)(بڕوانە: د.کامل حسن عزیز البصیر، 1983، ل200)، لەم نموونە شیعرانەی خوارەوە زیاتر ڕوون دەبێتەوە، شاعیر لەدەق (دوو جەمسەری دژبەیەکی کێشەیەك) دا کە دەقەکەی سەرتاپا بەسەر دوو جەمسەری بوونی خۆیدا دابەشکردووە، زۆرترین دژبەکی بەکارهێناوە، بەو هۆیەشەوە خۆشی دەنگدانەوەی ئەو وشە دژبەکانە کەبووەتە بنەما بۆدرووستبوونی ئاوازی ناوەوەی دەقەکە، هەست پێدەکرێت و دەڵێت:

لەیەك کاتدا

شەرم ئاشتیم

درۆ و ڕاستیم

شایی و شینم

مەرگ و ژینم ل342

ئەو وشانەی سەرەوە ئەو جۆرە دژبەکەیە کە بەجۆرێك لەجۆرەکان کۆمەڵ ڕێککەوتنی لەسەرکردووە و وەك دژو پێچەوانەی یەکدی دەیبینێت، ئەمانەی خوارەوەش ئەو نموونانەن، کە لەڕێگەی ئامرازە نەرێیەکانەوە درووستدەبن.

بۆ خۆی دەسوتاو شەوقی دەبەخشی

ناخۆشی بۆ خۆی بۆ میللەت خۆشی ل141

یان لەشیعرێکی تردا دەڵێت:

ژیانم دنیای پڕ کارەساتە

تەلیسمی ڕێگەی هات و نەهاتە ل262

ئەوەی لەم جۆرە دژبەکەدا هەبێ و پەیوەندی بەئاوازی ناوەوە هەبێت، ئەوەیە لێرە هاودەنگی هەیە لەنێوان دوو وشەکەدا، چونکە هەمیشە وشە نەرێ کراوەکە هەر وشە ئەرێکەیە و لەدەنگ و واتادا ئەگەر ئامرازەکەی لێکرابێتەوە یەکن، ئەو یەك بوونەی دەنگیش دووبارەکردنەوەیە و ئاواز درووستدەکات.

4. کەرتکردن:

هونەرێکی دیکەی جوانکارییە، کە (( بریتییە لە کەرتکردن و دابەشکردنی دێڕێکی شیعر بەسەر چەند بەشێکدا و هەربەشێکیش لەگەڵ بەشەکانی تردا یان هاوئاوازن یان هاوسەروا دەبن، ئەم شێوەیە تەنها لە سنووری دێڕێکدا نییە بەڵکو هەندێ جارسەرتاپای شیعرەکە کەرت کراوە، چەندین شێوەی جیاجیای هەیە هەندێ جار دێڕەکان دەکرێن بە چوار بەش یان پێنج و شەش و ...هتد، ئەو بەشانەش کە کەرتکردنەکە گرتوویەتییەوە ئەگەر هاوسەروا بن ئەوا ئاوازی ناوەوە بەڕوونی هەستی پێدەکرێت و مۆسیقایەکی خۆش و هەست بزوێن بە شیعرەکە دەبەخشێت))(زانیار ساڵح عەلی، 2015، ل120)، جاری وا هەیە شاعیر خۆی بەشەکانی هەر کەرتێك دیاری دەکات، بەوەش یان فاریزە دەخاتە نێو کەرتەکانەوە، یان هەندێکجار لەبری فاریزە بە دەنگی (و) کەرتەکان بەیەکەوە ئەبەستێتەوە، وەك ئەم نموونە شیعرەی کەریم شارەزا کە لەوەسفی کۆیەدا گوتوویەتی:

شاری قاصید و حاجی و ئەختەرە

سەرچاوەی عیلم و شیعر و هونەرە ل284

شارەکەی عەونی و مەیلی و دڵدارە

جێی دلاوەر و ڕاجی و دڵزارە ل286

ئەو دوو دێڕە شیعرەی شاعیر هی هەمان دەقن کەسەرتاپای شیعرەکەی بەو شێوەیە کەرت کەرت کردووە و نێوان کەرتەکانیشی بە دەنگی (و) پێکەوە بەستووە، هەرچەندە کەرتەکانی هەردێڕێك هاو کێش و هاوسەروانین، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە ئاهەنگێك دەبیسترێت و ئەویش دیارە ئاوازی ناوەوەیە ئەو دابەشبوونەی کەرتەکانی هەر نیوە دێڕێك درووستیانکردووە، جاری واش دەبێت شاعیر کەرتەکانی هەر نیوە دێڕێك هاوسەروا دەکات وەك ئەم نموونەیە:

ئەبرۆ ڕەشە ڕوومەت گەشە ئەگریجە خاوە

خوێن شیرینە دڵ پڕ تینە ئاواتی لاوە    ل200

شاعیر لە شیعرەدا هەر نیوە دێڕەی کردووە بە سێ کەرتەوە کەرتی یەکەم و دووەمی نیوەدێڕەکان هاوسەروان، کەرتی سێهەمی هەردوو نیوەدێڕەکەش بۆ خۆیان سەروایان دروستکردووە، ئەم جۆرە لەهەموو شێوەکانی تری کەرتکردن خۆش ئاوازترن و ئاوازی ناوەوەی بەجوانی هەست پێدەکرێت.

5. پاتکردنەوە:

هونەرێکی جوانکاری وشەییە ((ئەوەیە قسەکەر وشەیەك بەهەمان دەربڕین و واتا پاتبکاتەوە، ئەمەش لەبەرئەوە پەنای بۆ دەبرێت چونکە واتا هەندێجار لە وشە فراوانترە، وەکو زانایان گوتوویانە لەبەرئەوەی واتا بەگشتی لە وشەکان فراوانترە بۆیە پێویستی وەهای خواستووە پاتکردنەوە ئەنجام بدرێت بۆ پڕکردنەوەی واتاکان))(د.ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، 2011، ل245).

لەهەندێ لەو توێژینەوانەی، کەباس لەدووبارەکردنەوەی وشەکراوە بۆ دروستکردنی ئاوازی ناوەوە نموونەکان، نموونەی هونەری پاتکردنەوەن، ئێمە بەلامانەوە ئەوشێوازە هەڵەیە و هونەری پاتکردنەوە جودایە لەدوبارەکردنەوەی وشە، چونکە لەپاتکردنەوەدا هەمیشە وشەی پاتکراوە بەدوای وشەی یەکەمدا دێت، بەڵام لەبابەتی دووبارەکردنەوەی وشەدا مەرج نییە وشە دووبارەکراوەکە بەمەستی پاتکردنەوە بەکارهاتبێت، بەڵکو زۆرجار لەبەرزیاتر ئاهەنگدارکردنی شیعر شاعیران دووبارەکردنەوەکان لەئاستی نیوە دێڕو دێڕ تێدەپەڕێنن بۆ سەرتاپای شیعرەکە، ئەمە لەکاتێکدا لەپاتکردنەوەی وشەدا هەمیشە لەئاستی دێڕ تێناپەڕێت، بەڵام ئەوەی کەگرنگە ئەوەیە لەهەموو حاڵەتێکدا ئەو دووبارە بوونەوەیانە ئاوازێکی ناوخۆیی و هەست بزوێن بەدەق دەبەخشن.

تێکۆشەری ئازادی خوا
دوژمنێکە، دوژمنی خوا    ل 204
یان
ڕۆژ ڕۆژی چەکەو چەکبازیی باوە
هەر بگرە بگرەو هەر ڕاوە ڕاوە    ل 109

لە دێڕی یەکەمدا وشەی (دوژمن) دووجار هاتووە کە دووەمیان پاتکردنەوەی یەکەمیانەو جۆری دوژمنەکەی دیاریی کردووە، لە دێڕی دووەمیشدا وشەکانی (ڕۆژ، چەك، بگرە، ڕاوە) پاتکردنەوەیان دروستکردووە، وەك دەبینین وشە پاتکراوەکان هەریەکەیان وەك دێڕی یەکەم پاتکراوەکە جۆری هەیە.

لەبابەتی دووبارەکردنەوەدا و بەتایبەت دووبارەکردنەوەی وشە، وشە دووبارەکراوەکە هیچ جۆر و شێوازێك درووست ناکات، هەروەك لەپێشەوە وتمان چی پاتکردنەوە بێت، چی دووبارەکردنەوە بەهەموو شێوازەکانیانەوە لەخزمەت ئاوازی ناوەوەی دەقەکاندان، بەمەرجێك ئەو دووبارەبوونەوەیانە بەپێی پێویستی شیعریی بن.

**بەشی دووەم:** ڕۆڵی جۆرەکانی دووبارەکردنەوە لەپێکهێنانی ئاوازی ناوەوەی شیعرەکانی شارەزادا.

باسی یەکەم: دووبارەکردنەوە.

ڕێگەیەکی هەرەدیاری دروستکردنی ئاوازی ناوەوەی شیعرە، شاعیران بە دوو مەبەست دووبارەکردنەوە ئەنجام ئەدەن، یەکەمیان بۆ دووپاتکردنەوەو جەخت لێکردنەوەی ئەو مەبەست و واتایەیە لەڕێگەی (دەنگ، وشە، ڕستە...هتد) دووبارەکراوەکەوە، دووەمیان بۆ درووستکردنی ئاوازی ناوەوەیە، چونکە ((دووبارە بوونەوە پەیوەندییەکی بەتین و بەناو یەکداچووی بەلایەنی جوانی و ئیستاتیکای دەنگ و وشە و دەستەواژە و ڕستەکانەوە هەیە))(هێمن عومەر خۆشناو، 2009،ل84).

دیاردەی دووبارەکردنەوە لەنێو دەقی شیعری شاعیراندا گەلێك شێوازی هەیە لەوانە دووبارەکردنەوەی (تاکە دەنگ، هێشوە دەنگ، وشە، گرێ(فرێز)، ڕستە، نیوەدێڕ و دێڕ، کۆپلە)، کە بەشێوە ستوونی و ئاسۆی لەدەقەشیعرییەکاندا بەدی دەکرێن، بەلای هەندێ لەتوێژەرانەوە ((دووبارەکردنەوە چ لەئاستی ستوونی بێت و چ لەئاستی ئاسۆیدا بێت، بۆ جەختکردنەسەر ئیقاع و چەمك و مۆسیقای شیعرەکەیە))(پەخشان عەلی ئەحمەد ، 2009، ل142)، بەڵام هەندێکی تر وای دەبینن جگە لەبابەتی درووستکردنی ئاواز، دووبارەکردنەوەکان هەڵگری مەبەستی تربن لەم بارەیەوە (د.ئاڤان عەلی میرزا) دەڵێت: ((دەکرێ لە دیاردەی ڕێژەی بەکارهێنانی زۆری هەرسێ دەنگی (ر ، م ، ن ) لەشیعری کوردی و عەرەبی و فارسی دا ئەو ڕاستی یە هەڵهێنجین کەئەو دەنگانە لە دەنگەکانی تر زیاتر دەلالەتی (سۆزی خودی) دەگەیەنن بەتایبەتی ئەوسۆزە خەمناکەی کەوەك پەردەیەك دەقی شیعری لیریکی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی پێ پۆشراوە ، واتا ئەگەر دەنگەکان دەلالەتی ڕاستەوخۆشیان هەڵنەگرتبێ ئەوا دەتوانن کەشێك پێك بێنن کە ئیحابەخش بن بۆسۆزی دەقەکە. کەواتە تریەی دەنگەکان تەنها ئاوازێك نادا بەدەقەکان بەڵکو ڕووەو واتاو ئاستی قوڵی دەقەکانیش ڕۆدەچن))(د.ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق، 2013، ل119)، ئەوەندەی بۆ ئێمە گرنگ بێت ئەوەیە لەڕێگەی (دووبارەبوونەوەوە مۆسیقایەکی جوان و خۆش بە دێڕ یان سەرتاپای شیعرەکە دەبەخشرێت ، لە هەمان کاتدا لایەنی ئێستاتیکی و هونەری شیعرەکە بەهێز دەکات، ئەم مۆسیقا و ئیستاتیکایەی، کە لەڕێگەی دووبارەبوونەوە درووستدەبێت، بێزاری لە لای خوێنەر ناهێڵێت ، بەڵکو وای لێدەکات زیاتر و بەردەوام بێ لە خوێندنەوە)(هیواکەریم حسین، 2013، ل150)، ڕەهەندی دەروونی و ئاستی هۆشیاری شاعیر ڕۆڵی سەرەکییان هەیە، کە چۆن شاعیر ئەم دووبارەکردنەوانە دەچنێت لەنێو شیعرەکەیدا، چونکە هەروەك چۆن لەفۆلکلۆر و شیعری لیریکی و گۆرانیدا ئەمانە بەرچاو دەکەون هەر بەو شێوازەش لەشیعری بۆنەشدا (مناسبات) دەکرێت ئەمانە ببینین(لێرەدا ئەو بوارە نییە تا بەدرێژی لەسەری بنوسین)، خوێنەر لەساتی بەرکەوتنی لەگەڵا ئەم هونەری دووبارەکردنەوەیەدا بۆ گەیشتن بەچێژێکی بەرز پێویستی بەدوو لایەنی هۆشیاری هەیە؛ ئەوانیش:

- شارەزایی و ئارەزووی وەرگر بۆ دەقەکە بەگشتی.

• ئاستی هونەری دەقە، کەتواناو سەلیقەی شاعیر ڕۆڵیان تێیدا هەیە، بەجۆرێك دەق نەبوویێتە بابەتی داڕشتەیەکی(انشائی) لاواز، بەڵکو بەهۆی ئە ئاواز و پەیامەوە؛ کە لەدووبارەکردنەوەکەدا هەیە پێویستە وەرگر بخاتە دۆخێکی هونەری و واهەستبکات لەکایەی هونەردا بەر مەدلولی نویَ و جیهانی زمانی شیعری دەکەویت، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەموو ئەو شێواازانەی دووبارەکردنەوە کە لەپێشەوە دیاریمان کردوون، لەدیوانی شاعیر نموونەی شیعریی بۆ ئەهێنینەوە.

باسی دووەم: جۆرەکانی دووبارەکردنەوە لەشیعرەکانی (کەریم شارەزا) دا: ئەم جۆرانەی دووبارەکردنەوە ئەوانەن بۆئاوازی ناوەوە شاعیر بەکاریهێناون، وەنەبیَ بەلامانەوە هەموو دووبارەکردنەوەیەك بۆ شیعر بەپێویست بزانین و بەدرووستکاری ئاوازی بزانین، بەڵکو هەندێ جار دووبارەکردنەوە گرفت بۆ شیعرییەتی شیعریش درووستدەکات، چ جای ئەوەی ئاوازی ناوەوە خۆشتر و ئاهەنگدارتر بکات.

1) دووبارەکردنەوەی دەنگ:

دەنگ وەك زمانەوانەکان دەیڵێن بچوکترین دانەی واتاگۆڕی زمانە، لێرەدا ئێمە وەك بابەتی ئاوازی ناوەوە لەشیعردا کاری لەسەر دەکەین و ئەو ڕۆڵەی لە بنیاتی ئاوازی ناوەوەی شیعردا دەیبینێت شیکاردەکەین.

بەدرێژایی مێژووی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەدەقی شیعری، دەنگ هەمیشە جێی تێڕامانی توێژەران بووە، لەڕەخنەی کۆن و نوێدا زۆر لێدوان و باس دەربارەی ئەم بابەتە بەرچاو دەکەون، ئەگەر هەر دەقێکی شیعری بخوێنینەوە بەدەگمەن نەبێت دەنگێك یان چەند دەنگێك دەبنە جێی سەرنجمان، کە لەبنیاتی هەردەقێکدا زۆربەرکارهاتوون، لەڕەخنەی نوێدا (جان کۆهین)((بە هاوشێوەی پیتی ناوی دەبات و بە هونەرێکی گرینگی پتەوکردنی ڕیتمی دادەنێت))(د.سافیە محەمەد ئەحمەد، 2013، ل246) .

ئەم هاوشێوەی پیتییە یان دەنگییەی کە بەزۆری لە بنیاتی دەقێکدا دەبینرێت ((بەلای هەندێ نوسەرەوە ئەرکێکی جوانکارییەو بەلای هەندێکی ترەوە ئەو بنەما ئاوازەییەی کەپێکی دەهێنێ لایەنە جوانکارییەکەی بەرەو ئەرکی دەلالی دەگوێزێتەوە))(د.ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق، 2013، ل113)، بەلای (د. ئەحمەد صالح)ەوە دووبارەکردنەوەی دەنگ گونجانێك درووست دەکات لە نێوان دەروونی شاعیر و ئەو واتایەی کە ئەیەویَ بە خوێنەر بگات (بڕوانە: احمد صالح محمد النعیمی، 2013، ص102).

پێمانوایە بە گشتی دووبارەکردنەوەی دەنگ لە سنووری بەیتو دەقی شیعریدا جۆرە هاوتەریبییەکی ئاوازەیی پێکدەهێنن، بەو هاوتەریبییەش دیارترین بنەمای جوانی شیعرییەت دەڕەخسێنرێت، کە ئەرکەکەی پێش هەرئەرکێکی تر جوانییە ، واتە ئەگەر هەڵگری هیچ دەلالەتێکیش نەبیَ ئەوا ئەرکی جوانکاریانەی ئاوازەیی خۆی لە ئاستی ئاوازەییدا هەر دەبینیَ ئەو ئەرکەش ئەرکێکی هەرە دیاری شیعر خۆیەتی (د.ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق، 2013، ل119).

دووبارەکردنەوەی دەنگەکان زۆر جاربەمەبەست لای شاعیران دادەهێنرێت بەجۆرێك لە ئاخاوتنی ئاسای دوور دەکەونەوە بەمەش جۆرە هونەرکاری و دەستڕەنگینی شاعیرەکە دەردەخەن، هەندێك جاریش بێمەبەست لەبنیاتی دەقێکدا دەنگێك زۆر دووبارەکراوەتەوە، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەو دەنگانەن کە شاعیر خۆی بەمەبەستی درووستکردنی ئاواز هێناونی و دەقەکەی پێ ئاهەنگدار کردووە، لێرەوە دەچینە لای چەند نموونەیەك لە دیوانی شاعیر، لەدەقی (ئەی شیعر)دا دەڵێت:

بلوێری خەونی یاری
دەنگی کەمانی گیانی
زمانــی ڕۆژگاری
بزەی لێوی ژیانی ل48

بنیاتی ئەم دەقە چوارینەیە و کۆی دەقەکە لەهەشت چوارینە پێکهاتووە، وەك دەبینین تەنها لەم چوارینەیەدا چواردە دەنگی (ی) تێدا دووبارە بووەتەوە، ئەوەی زیاتر شیعرەکەی ئاهەنگدارکردووە ئەوەیە، کە دەنگە دووبارە بووەکە لەکۆتایی هەموو وشە بەکارهاتووەکاندا هەیە جگە لەوەش لەنێو سێ لەوشەکاندا لەناوەڕاست یان سەرەتاوە هەمان دەنگ بوونی هەیە، بەمەش ئاوازێکی هەست بزوێنی بە دەقەکە بەخشیوە، لەکۆی هەشت چوارینەکەشدا(95)جار دەنگەکە دووبارە بووەتەوە، ئەم شێوازە دەنگە دووبارەکراوەکە سەرتاپای دەقەکەی گرتووەتەوە، یان جاری واش دەبێت دەنگەدووبارە بووەکە لەسەر ئاستی دێڕە و زۆیش دووبارەنابێتەوە، بەڵام لەو وشەنەدا بەکاریهێناون کەدەکەونە تەنیشتی یەك، بەوەش هەست بەدەنگدانەوەی ئاوازەکەی دەکرێت، وەك لەم دێڕەی خوارەوەدا.

چی لەناو شار و شاخ و چەمدایە
لەنێو خەڵتانی خوێن و خەمدایە ل110

وەك دەبینین شاعیر وشەکانی (شار، شاخ) بەدەنگی (ش)، وشەکانی (خەڵتان، خوێن، خەم) بەدەنگی (خ) لەتەنیشت یەك دایناون، لەکاتی بیستن یان خوێندنەوەیدا ڕاستەوخۆ هەست بەئاوازی ئەو دەنگانە دەکەین.

2) دووبارەکردنەوەی هێشوەدەنگ:

بریتییە لەدووبارەبوونەوەی چەند دەنگێکی هاوبەش لەچەند وشەیەکدا و دابەشبوونی ئەو وشانەش لەنێو دێڕەشیعرێکدا، یان لەسەرئاستی ستوونی بەشێوەیەکی پەرش و بڵاو بەسەردێڕەشیعرەکانی دەقێکدا دابەشکراون، لەهەندێ لەو توێژینەوانەی ئەم باسەی خستبێتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەوە، هونەرە ڕەوانبێژییەکانی وەك ڕەگەزدۆزی و دوابەسەر و ...هتد، بەبابەتی دووبارەکردنەوەی هێشوە دەنگ ئەژمارکردووە، پێمانوایە زانستییانەتر ئەوەیە کەهەر جۆرێك لەو دووبارەکردنەوانە زاراوەی تایبەت بەخۆی بۆ دابنرێت، چونکە (وشە، گریَ، ڕستە، نیوەدێڕ و دێڕ، کۆپلە) هەرچەندە هێشوە دەنگن، بەڵام پێشتر ئەو زاراوانە لای قسە پێکەرانی زمانەکەمان ئاشنان، ئێمە دووبارەکردنەوەی هەریەك لەو زاراوانەی سەرەوە بەنموونەی شیعرییەوە لەشوێنی خۆیدا بەجیاجیا باسدەکەین، بۆ وەرگرتنی نموونەی شیعریش بۆ بابەتی هێشوە دەنگ کار لەسەر ئەو چەند دەنگە دەکەین، کە لەچەند وشەیەکدا

بەباری ئاسۆیی یان ستوونی لە بنیاتی دەقێکدا هاتوون، لەم نموونانەوە زیاتر ڕووندەبێتەوە.

ئاغام میرم گەورەی ژیرم

ژیری بەڕاو تەگبیرم ل224

ئاوازی ناوەوەی ئەم دێڕە شیعرە لەڕێگەی چوار جار دووبارکردنەوەی (یر) درووستبووە، شاعیر کۆمەڵێك وشەی وەك (میر، ژیر، تەگبیر) ی هێناوە، کەئەم وشانە لەو دوو دەنگەدا هاوبەشن، سەرەڕای ئەوەش دووبارەبوونەوەی دووجار وشەی (ژیر) کە هونەری دوابەسەرە هێندەی تر ئاوازی ناوەوەی دێڕەکەی ڕازاندۆتەوە.

زانای توانای دانای بلیمەت

مەلای بەڕێز و بەرز و بەقیمەت ل241

لەم دێڕەشدا زۆر هونەریانە وشەکان هەڵبژێردراون، کەتیایدا شاعیر هەرنیوەدێڕێکی بەهێشوە دەنگێکی جیاواز لەیەك نەخشاندوە، لەنیوەدێڕی یەکەمدا هێشوە دەنگی (انا) لەوشەکانی (زانا، توانا، دانا) و لەنیوەدێڕی دووەمیشدا هێشوە دەنگی (بە) ی لەوشەکانی (بەڕێز، بەرز، بەقیمەت) درووستکردووە، بەوەش ئاوازێکی خۆشی بەدێڕەکە داوە.

3) دووبارەکردنەوەی وشە:

هەر وشەیەك بەهۆی لێکدان و چوونە پاڵ یەکی چەند دەنگێك درووستدەبێت، بەهۆی ڕیزبوونی دەنگەکان لە نێو وشەدا ڕیتم درووستدەبێت، خڕ بوونەوەی دەنگ لە وشەیەکدا هەروا لە خۆڕایی نییە، بەڵکو ئامانج و مەبەستی واتایی لە پشتە، کاتێك وشەیەك، یان زیاتر دەنگی هاوبەش و هاوشێوە لە نێوانیاندا هەبێت، ڕیتم دروستدەکەن، وشە لەزۆر باردا بەهۆی دووبارەبوونەوەی لە شێوەی جیادا فاکتەرێکی بەهێزی لە دایکبوونی ڕیتمە، شاعیر کاتێك وشەیەك دووبارە دەکاتەوە ، هەروا بە بێ ئامانج نییە ، بەڵکو وەکو هونەرێك ئەمە ئەنجامدەدات(هیواکەریم حسین، 2013، ل156) .

دووبارەکردنەوەی وشە یەکێکە لەو شێوازانە، کە لەشیعری کۆن و نوێدا زۆر بەکارهاتووە، ئەگەر دووبارە کردنەوەی دەنگ لەدێڕە شیعردا ئاواز درووستبکات، ئەوا دووبارەکردنەوەی وشە هەر تەنها بەمەبەستی ئاواز نییە، بەڵکو ئاواز و هەڵچوونێکی زنجیرەیی دەداتە تەواوی دەقەکە (بڕوانە: فیصل حسان الحولی، 2011، ص104).

لەشیعری شاعیردا دوو شێواز لەدووبارکردنەوەی وشە بەرچاو دەکەوێت، شێوەیەکیان وشەکە لەسەر ئاستی ستوونی و لەهەمان دێڕدایە، ئەو شێوەکەی تر وشە دووبارەکراوەکە لەسەر ئاستی ئاسۆیی و لەچەند نیوەدێڕ و دێڕێکدا یان سەرتاپای دەقەکەدا دووبارەکراوەتەوە، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە.

چەند جوانە ڕەنگی دیمەنی جوانم

دیمەنی لووتکەی بەرزی کێوانم ل214

وەك گوتمان هەندێك لەو وشانەی کە بەمەبەستی درووستکردنی ئاوازی ناوەوە دووبارەکراونەتەوە، لەسەر ئاستی نیوەدێڕن وەك ئەو نموونەیەی سەرەوە، کە وشەی (جوان) لەنیوەدێڕی یەکەمدا دووجار دووبارەکراوەتەوە، هەروەها جاری واش هەیە وشەدووبارەکراوەکە لەهەردوو نیوەدێڕەکەدا دێت، وەك ئەم دێڕەی خوارەوە، کە وشەی (ئەم) لەنیوەدێڕی یەکەم و دووەمدا سێ جار دووبارە کراوەتەوە.

بەڵام لام ڕوونە ئەم تۆف و تەمە

ئەم کارەسات و ئەم خوێن و خەمە ل111

یان وادەبێت وشەی دووبارە بووەوە دێڕ تێدەپەڕێنێ و بەدرێژایی دەقەکە یان چەند دێڕێك دووبارەدەبێتەوە، ئەم جۆرەشیان زیاتر لەوانەی پێشوو هەست بزوێنتر و خۆش ئاوازترە، چونکە ڕیتمەکەی لەوانی تر زیاتر درێژ دەبێتەوە و بەوەش دەزانیت کەشاعیر بۆ ئەوەی کاریگەری دەقەکەی لەڕووی ئاوازەوە زیاتربێت ئەو وشەیەی چەندجار دووبارەکردووەتەوە، وەك ئەم نموونەیە، کەتیایدا شەش جار وشەی (کاممان) دووبارەکراوەتەوە و ئاوازێکی دڵڕفێنی بەشیعرەکە بەخشیوە.

تاکو بزانین کاممان جوامێرە؟

کاممان سوود بەخش و ڕەندو دلێرە؟

کاممان ڕازاوە و کاممان ڕەنگینە؟

کاممان دڵگیرو کاممان شیرینە؟ ل212

بەدەر لەبابەتی ئاواز وشەی (کاممان) جوانییەکی دیکەی بەدەقەکە بەخشیوە ئەویش ئەوەیە ڕەهەندی دەروونی لای خوێنەر درووستدەکات و بەردەوام چاوەڕێی کردنەوەی ئەو گرێیەیە، کەبەراورد کراوەکان لەئەنجامدا کامیان بەرز و بەشکۆیە.

4) دووبارەکردنەوەی گرێ (فرێز):

پێناسەی باو بۆ گرێ(فرێز) ئەوەیە لەچەند وشەیەك پێکهاتووە، کەواتای تەواوی نییە، واتە بەشێکە لەڕستەیەك، واتاکەی هەمیشە پێویستی بەتەواوکردنە جا بەوشەیەك بێت، یان زیاتر، هەرچی دووبارەکردنەوەی گرێشە ئەوەیە شاعیر لەبنیاتی دەقەکەیدا لەجارێك زیاتر گرێکە دووبارەبکاتەوە، ئەم دووبارەکردنەوەیەش ئەبێتە دیاردەیەك هەروەك دیاردەکانی تری دووبارەکردنەوەی دەنگ و وشە و ...هتد، کەشاعیران بۆمەبەستی درووستکردنی ئاوازی ناوەوە ئەیهێننە نێو دەقەکانەوە، (کەریم شارەزا)ش لەم بوارەدا زۆر لێهاتووانە هەندێك لە دەقەکانی پێ ئاهەنگدارتر و ڕازاوەتر کردووە بۆ نموونە:

ماوەی دە ساڵی خوێناوی

دە ساڵی شەڕ

دە ساڵی پڕ کارەساتی ئاگراوی... ل128

لەم شیعرەدا بەناوی (دە ساڵی خوێناوی) شاعیر حەوت جار گرێی (دە ساڵ)ی دووبارەکردووەتەوە و شیعرەکەی پێ ئاوازدار کردووە، کە گرێ دووبارەکراوەکە بەسەر کۆی دەقەکەدا دابەشبووە، جاری واش هەیە شاعیر گرێکەی بەچەشنێکی دیکە و دوابەدوای یەك دووبارەکردووەتەوە، ئەم شێوازەش هەروەکو زۆربەی شیعری شاعیرانی شێوەزاری گۆرانن، کەتیایدا گرێ یان ڕستەی نیوەدێڕی یەکەمی شیعرەکانیان زۆرجار دووبارە

دەبووەوە، شاعیر لەم شیعرەیدا و لەنیوەدێڕی یەکەمدا دووجار گرێی (ئەی دڵەی زامدار)ی دووبارەکردووەتەوە و ئاوازی ناوەوەی پێدرووستکردووە، وەك ئەم شیعرە:

ئەی دڵەی زامدار، ئەی دڵەی زامدار
ئارامت بێ بەس بێ گریە و زار ل51

5) دوبارەکردنەوەی ڕستە:

دووبارەکردنەوەی ڕستە یەکێکی ترە لەو شێوازانەی، کەشاعیران بۆ درووستکردنی ئاوازی ناوەوە و دووپاتکردنەوەی مەبەست سوودی لێدەبینن، ڕستە گەورەترین یەکەی زمانییە هەڵگری واتای تەواوە، بەلای بونیادگەرەکانەوە ئەگەر ((دەنگ بچوکترین یەکەی زمان بێ ، ئەوا ڕستە گەورەترین یەکەی زمانییە، ڕەنگە یەك ڕستە واتا و دەلالەتی تەواو ببەخشێت، لەپشت هەر ڕستەیەکەوە ڕاڤەی جیاواز دەبینرێت، پێکهاتەی ڕستە ڕەنگە وشەیەك، یان چەند وشەیەك بێت، کەواتە دووبارە بوونەوەی ڕستە ، واتە دووبارە بوونەوەی واتای ڕستە، بە زۆری ڕستە لەیەك وشە زیاترە بۆیە هەر دووبارەبوونەوەیەك ڕەنگە ڕیتمێکی درێژ بەدەقەکە ببەخشێت ، دەنگ و وشە شێوەی ڕیتمەکەیان هێندە درێژ نییە ، بەڵام ماوە و نەفەسی ڕیتم لە دووبارە بوونەوەی ڕستە دا درێژترە))(هیواکەریم حسین، 2013، ل159)، لەنێو دەق شیعریی شاعیراندا ئەم دیاردەیە زۆرجار بەرچاو دەکەوێت، هۆکارەکەشی بۆ جەختکردنەوەی واتا و درووستکردنی ئاوازی دەقەکەیە، لەشیعری شاعیریشدا ئەم دیاردەیە زۆر هەیە، بۆ نموونە:

هەر بژی بەیداخی بەرزی خاکی پاکی کوردستان
هەر بژی کوردی دلێر و حوکمی یاسا و پەرلەمان ل270

لەم دێڕە شیعرەدا دووجار ڕستەی (هەر بژی) دووبارەکراوەتەوە، هەردووکیان لەسەرەتای نیوەدێڕی یەکەم و دووەمدا هاتوون و ئاوازی ناوەوەی بۆ دێڕەکە درووستکردووە، جاری واش هەیە شاعیر بۆمەبەستی جەختکردنەوە ڕستە دووبارەکراوەکەی بەتەنیشت و دوابەدوای یەك هێناوەو بەوەش ئاوازی ناوەوەی دێڕەکە خۆشتر دێتە گوێ وەك ئەم نموونەیە، کە دوو جار ڕستەی (هەر ئەسوڕێ) دووبارەبووەتەوە.

ڕەو ڕەوەی مێژوو بەرەوپێش بێ گومان
هەر ئەسووڕێ هەر ئەسووڕێ بێ وچان ل55

6) دوبارەکردنەوەی نیوەدێڕ و دێڕ:

یەکێك لەو دیاردانەی زۆر بەکارهاتبێت لەبابەتی دووبارەکردنەوەدا لەشیعری (شارەزا)دا دیاردەی دووبارەکردنەوەی نیوەدێڕ و دێڕە، کە لەبەشێك لەشیعرەکانیدا بەدی دەکرێت، ئەم شێوازە هەر بەتەنها لەئەو پارچە شیعرانەیدا بەدی ناکرێن، کە قاڵبگرتووبن، واتە ئەوشیعرانەی کە پێیان دەگوترێت شیعری ستوونی(عامودی)، بەڵکو لە هەندێ لەو شیعرانەشدا بەدی دەکرێن، کە لەسەر ڕیتمی شیعری ئازادن، چونکە شاعیر لەقۆناغێکدا ژیاوە هەموو شێوازە شیعرییەکانی دیتووە و لەو شێوازانەش سوودی زۆری بینیوە و ڕەنگدانەوەی لەنێو دەقەکانیدا بەڵگەی ئاگاداری شاعیرن دەربارەی ئەو شێوازانە، ئێمەش لەوەرگرتنی نموونەکاندا ڕەچاوی ئەو قاڵبە شیعرییانە دەکەین و لەهەر شێوازێك نموونە وەردەگرین، (ئەگەر بڵێن) شیعرێکی ئازادی هەشت کۆپلەیی شاعیرە، لەدەستپێکی هەر کۆپلەیەکەوە دێڕی (ئەگەر بڵێن باوەڕ دەکەی) هاتووە، و لەکۆتاییەکەشیدا (دەڵێم ڕاستە باوەڕ دەکەم) هاتووە، بەوەش ئاوازی ناوەوەی بۆ شیعرەکە درووستکردووە و سەرجەم کۆپلەکانیشی پێکەوە گرێداوەو یەکێتییەکەی پاراستووە، لەبەر درێژی دەقەکە تەنها یەکێك لەکۆپلەکانی بەنموونە ئەهێنینەوە.

ئەگەر بڵێن باوەڕ دەکەی
کۆرپەی ساوا
لە کۆش و باوەشی گەرم و
لەمەمکی دایکی بتۆرێ
مەم لەزین ڕوو وەربگێڕێ
فەرهاد شیرینی نەوێت و
سیامەند لەخەج دڵ بگۆڕێ
باوك رۆڵەی خۆی بەکوشتن دا
دایك شایی بۆ بگێڕێ
دەڵێم ڕاستە باوەڕدەکەم. ل170

لەو دەقانەش کە بنیاتێکی ستوونی (عامودی) یان هەیە، دەق (گۆرانی بەهار) ە، ئەم دێڕەی خوارەوە دەسپێکی دەقەکەیە، پاشان دەقەکە لە سێ کۆپلەی چوار دێڕی پێکهاتووە، لەکۆتایی هەرکۆپلەیەکیشدا ئەم دێڕە دووبارەکراوەتەوە، بەوەش لە سیانزە دێڕی دەقەکەدا چوارجار ئەم دێڕە دووبارەبووەتەوە و ئاوازی ناوەوەی پێدرووستکراوە.

بەخێربێی بەخێر بەخێربێی بەهار
دنیا بەهۆی تۆ پڕە لە گوڵزار ل176

لەودەقانەش کەنیوەدێڕ دووبارەکرابێتەوە دەق (گۆرانی یارەکەی شۆخ و شەنگم) ە، کەپێکهاتووە لەچوار چوارینە، و نیوەدێڕی کۆتایی هەموو چوارینەکان هەمان نیوەدێڕی چوارەمی چوارینەی یەکەمن، بەوەش کۆی دەقەکەی پێکەوە گرێداوەوە و ئاوازی ناوەوەی بۆ درووستکردووە، ئەمەش چوارینەی یەکەمێتی.

هەر تۆی مایەو هۆی شادی گشت سات و کاتم
هەرچەندە من لێت دووربم بەدڵ لەلاتم
بەندو ئەسیری تۆمە زوو بدە نەجاتم
یارەکەی شۆخ و شەنگم گیانەکەم فاتم ل197

7) دووبارەکردنەوەی کۆپلە:

یەکێکە لەدیارترین ئەو شێوازانەی دووبارەکردنەوە، کەخوێنەر یان بیسەری شیعر هەست بەدەنگدانەوەی ئاوازەکەی دەکات، ئەم شێوازە بەزۆری لەو دەقە شیعرییانەدا بەدی دەکرێن کە لەسەر بنەمای کۆپلە داڕێژراون، زۆرجار کۆپلە دوبارەکراوەکە دەکەوێتە کۆتایی

هەرکۆپلەیەکەوە، هەندێك جاریش دەسپێکی دەقەکە بەئەو کۆپلەیە دەبێت و دواتر لەکۆپلەکانی تردا دووبارە دەکرێتەوە، وەك دەوترێت ئەو پارچە شیعرانەی ئەم جۆرە لە دووبارەکردنەوەی تێدایە ئەوانەن بۆ بابەتی سروود یان گۆرانی دانراون (پەخشان عەلی ئەحمەد، 2009، ل157)، شاعیر لەنێو ئەزموونە شیعرییەکەیدا چەند دەقێکی لەم شێوەی هەیە، شاعیر لەدەقی (زۆرانبازی) کەدەقێکی ئازادە، پێنج جار ئەو کۆپلەیەی خوارەوەی دووبارەکردووەتەوە، لەجاری پێنجەمیدا کەمێك گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە(دوژمنەکەم، ئەمن تەنها بەم ئەنجامە، باوەڕدەکەم)، لەبەر درێژی دەقەکە تەنها ئەو کۆپلەیە دەنووسینەوە کە دووبارەکردنەوەکەی درووستکردووە.

دوژمنەکەم

بەکردار و واتەی درۆت

وامەزانە باوەڕ دەکەم ل152

هەروەها شاعیر لەدەقی (گۆرانی نەورۆز و بەهار)دا کەدەقێکی دووکۆپلەییە سێ جار ئەم بەشەی خوارەوە تیایدا دووبارە بووەتەوە و ئاوازی ناوەوەی بۆ شیعرەکە پێدرووستکردووە.

بژی کژی خۆشی بەهار

جەژنی دڵدار

کاتی بوژانەوەی گوڵزار

گوڕەی گوشادی من و یار ل41

**ئەنجام:**

ئەنجامی ئەم توێژینەوە لەم خاڵانەدا دەخەینەڕوو:

1. دەقی شیعری بەپێی قۆناغە جیاجیاکانی دەستبەرداری ئاواز نەبووە، لەپاڵ ئاوازی دەرەوەیدا؛ ئاوازی ناوەوەش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لەئاهەنگدارکردنی شیعردا.

2. هونەرەکانی جوانکاری ئەگەر چی لەبنەڕەتدا ئەرکی بەهێزکردنی دەقن لەڕووی جوانی بەخشینەوە، بەڵام هێندەی ئەوەش ڕۆڵیان لەپێدانی ئاوازی دڵڕفێن بەدەقەوە هەیە، بەتایبەتی ئەو هونەرانەی کە لەکێڵگەی توێژینەوەکەدا خراونەتە بەرباس.

3. دووبارەکردنەوە بەهەموو جۆرەکانییەوە شانبەشانی ئاوازی دەرەوە، ڕوویەکی تری ئاهەنگدارکردنی دەقی شیعرییە، بەمەرجی ئەوەی دووبارەکردنەوەی پێویست بن و وا لەشیعرەکە نەکات لەڕووی واتاوە لاوازبێت.

4. شیعرەکانی کەریم شارەزا زۆرترین ئەو ڕێگایانەی لەدرووستکرنی ئاوازی ناوەوەدا ڕۆڵدەگێڕن لەخۆگرتووە، کە پێنج جۆر لەهونەرەکانی جوانکاریی ڕەوانبێژی و حەوت جۆر دووبارەکردنەوەن.

5. گرنگترین ئەنجامی بەدەست هاتوو ئەوەیە هێڵی جیاوازی نێوان جۆرەکانی دووبارەکردنەوە لەگەڵ هونەرە جوانکارییەکاندا دەرخستووە، کە لەتوێژینەوە پێشوویەکاندا بە تێکەڵی، یان هەردوو جۆرەکە وەك بەیەك ئەژمار کراون.

**لیستی سەرچاوەکان**


سەرچاوە کوردییەکان:

کتێب:

١- بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، د.دڵشاد عەلی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 1998.

٢- چنینی دەق لەشیعرەکانی نالیدا، د.ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق، چاپخانەیکەمال، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، 2012.

٣- خۆشخوانی، عەلادین سوجادی، چاپخانەی مەعرف، بەغداد، 1978.

٤- دیوانی کەریم شارەزا، کۆکردنەوەی کامەران کەریم شارەزا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2016.

٥- ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوی کردن، د.کامل حسن عزیز البصیر، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، 1983.

٦- شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی ، هێمن عومەر خۆشناو، بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر ، 2009.

٧- شێوازی شیعری جزیری، شەعبان چالی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2008.

٨- شێوازی شیعری گۆران، پەخشان عەلی ئەحمەد، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2009.

٩- شێوازی شیعری نوێی کوردی 1920 – 1970، د.حەمەنووری عومەر کاکی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، 2012..

١٠- لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، د.سافیە محەمەد ئەحمەد، چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر،2013.

١١- لایەنە ڕەوانبێژییەکان لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، د.ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2011.

نامەئەکادیمییەکان:

١٢- بنیاتی ئاوازەیی لەشیعری نوێی کوردیدا 1918 – 1958 ، زانیار ساڵح عەلی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، 2015.

١٣- پێگەی مەدهۆش لەشیعری کوردیدا، هیواکەریم حسین، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، 2013.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

کتێب:

١٤- جواهر البلاغه، السید احمد الهاشمی، مطبعه دار المعرفه، بیروت، 2005.

نامە ئەکادیمییەکان:

١٥- الخصائص الاسلوبیه فی شعر الحماسه بین ابی تمام والبحتری، احمد صالح محمد النعیمی، اطروحه دکتوراه، کلیه اللغه العربیه، جامعه ام القری، السعودیه، 2013.

١٦- تکرار فی الدراسات النقدیه بین الاصاله والمعاصره، فیصل حسان الحولی، رساله ماجستیر، جامعه الموته، الاردن، 2011.

١٧- دلالات البناو الايقاعى فى الشعر ، شاهو سعيد ، رساله ماجستير ، كليه اللغات ، جامعه السليمانيه ، 1999.

**المستخلص:**

إن الموسيقى الداخلية من أهم أقسام الموسيقى الشعرية، كونها لا تقيد الشاعر بقوانين مسبقة في النسج الشعري، بمعنى آخر أن الشاعر بقصد إثراء وجمال نصه الشعري حر في استخدام الأساليب في أي نص وفي أي وقت إذا اراد إن يأتي بالنص إلى الوجود، يستطيع أن يظهر ابداعه وعبقريته لعدم وجود قانون مشابه للموسيقى الخارجية يعرقل القدرة التعبيرية والابداعية للشاعر.

بصورة عامة عن طريق تكرار الموسيقى الداخلية يأتي النص الى الوجود والذي يشمل بصورة كاملة الفنون التي يطلق علها البديع اللفظي وبصورو او اخرى ضروري ان يتواجد في بناء جملة، او مقتع، او فقرة شعرية اكثر من (صوت، كلمة، عقدة... الخ).

Abstract:

Internal intonation is a significant part of the music of poetry that doesn't stipulate the poet with any preceding rules and constitution in writing his poetry.

In another word, the poet is free and allowed to employ any of its types for the very purpose of making the text of the poetry more celebratory and demonstrating his skills and deftness when he would want to let a piece of poetry text come into existence because it doesn't have a rule as external intonation to restrict the poet's capabilities of expression and inventions.

In general, internal intonation comes into being through repetition and moreover it comes into existence as well via a handful of eloquence artistic instruments and most particularly those that are known as the beautification of words in which they acquire to have two ( sounds, words, clauses.... etc.) or more in the construction of a line, verse and piece of poetry.